www.kurdistannet.org
13-2-2007 20:38 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## كوردستانی نوێ لە كوێ دەردەچێت؟ ... داریاس شێمحەمەد

لەم سێ چوار رۆژەی رابردوو دا وەفدێكی دەسەڵاتی فەلەستینی بە سەرۆكایەتی لیوا جوبریل رەجوب بە نوێنەرایەتی سەرۆكی دەسەڵاتی فەلەستین سەردانی پایتەختی كوردستانی كرد، كە بە تێروانینی چاودێرانی سیاسی ئەجێندەیەكی هەمەلایەنەی هەبوو.

لە كوردستان وەفدی میوان لە لایەن سەرۆكی كوردستان، سەرۆكی حكوومەت و سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان ومەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان پێشوازی لێكران، سەرەرای قسەكردن لەسەر ئامانجی سەردانەكەیان بۆ پایتەختی كوردستان، باسیان لەو پەیوەندییە مێژووییەی نێوان هەردوو گەلی كورد و فەلەستینیش كرد، كە لەسەر دەستی بارزانی نەمر و خوالێخۆشبوو یاسر عەرەفات دامەزراوە.

لەوسەردانەدا لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانی هاوبەشدا سەرۆكی وەفدی میوان لەگەڵ سكرتێری مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان تیشكی خستە سەر ئامانجی سەردانەكەیان، كە هەم بۆ نوێكردنەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو گەلە، هەم هەوڵێكە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ مەینەتی پەنابەرانی فەلەستین لە ئێراقدا.

دیارە ئەوە یەكەمینجارە وەفدێكی فەلەستینی سەردانی پایتەختی كوردستان دەكات، كەئەم سەردانە بۆ خۆی وەڵامدانەوەیەكی پر بەپێستی ئەو شۆڤینیە عەرەبە چاو بەستاوانەشە، كە بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل تورەمان دەكەن. هاوكات شتێكی باشیشە هەردوو گەلی كورد و فەلەستین هاموشۆی یەكودوو بكەن، چونكە هەردوو گەل وێرای پەیوەندییە مێژووییەكانی نێوانیان خاڵێكی جەوهەری یەكیان دەخاتەوە، ئەویش ئەوەیە، كە هەردوو گەل شایستەی ئەوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت و كەس بە بیانووی جۆراوجۆرەوە دەست لە كاروباری ناوخۆیان وەرنەدەن.

بەڵام ئەوەی سەیرە رۆژنامەیەكی وەكو كوردستانی نوێ، كە لە لایەن یەكیەتی نیشتمانی كوردستانەوە دەردەچێت و هاوپەیمانی پارتی دیموكراتی كوردستانە لە هەموو مەسەلەكانی پەیوەست بە هەرێمی كوردستان، كەچی لە لاپەرە یەكی رۆژی دوشەممەیدا بە مانشێتی (ئامادە نەبوو ئاڵای كوردستانی لە پشتەوە بێت) هەواڵێكی دارشتووە و لە كۆتایی هەواڵەكەشیدا نووسیویەتی (شایانی باسە وەفدی میوان سەرەرای ئەوەی كە هاتبوون پەیوەندی دێرینی نێوان گەلی كورد و گەلی فەلەستین نوێبكەنەوە، بەڵام ئامادە نەبوون لە كۆنگرە رۆژنامەنووسیەكەدا ئاڵای كوردستانیان لە پشتەوە بێت)

هەر چاودێرێك ئەگەر بە جوانی لە شێوازی دارشتنی هەواڵەكەی كوردستانی نوێ و رەفتاری هەندێك لە وەزیرەكانی سەر بە یەكیەتی لە حكوومەتی كوردستان ورد بێتەوە (ئەمەی دواییان بۆ باسێكی دیكی جێدەهێڵم) هەست بە خەتەری ئاژاوە نانەوەییێك دەكات، كە كوردستانی نوێ لە بن سەریەتی، ئومێد دەكەم ئەمەی بوو تەنها هەڵەی هەواڵنووسەكە بێت و هیچ تەگبیرێكی دیكەی لە پشتەوە نەبێت. واتە سرینەوەی دەستی چەوری خۆیان نەبێت بەسەری پارتی. دواتر هەر چاودێرێك تۆزەكی كەم نەك زۆر ئاگای لە بارودۆخی پەنابەرانی فەلەستین لەناو ئێراق و ئەو هەواڵانە هەبێت، كە لەسەر شێواز و چۆنیەتی چارەسەركردنیان بڵاوكراونەتەوە، بەتایبەتی قسە هەبوو كە لە هەرێمی كوردستان نیشتەجی بكرێن، چونكە سەقامگیرە، بە شێوازی ئەو هەواڵەی كوردستانی نوێ نەك هەر قەناعەت ناكات، بەڵكو گەمەش بە دارێژەری هەواڵەكە و ئەو بیركردنەوەیەش دەكات، كە لە پشتی چۆنیەتی دارشتنی ئەو هەواڵە دایە، چونكە یەكێك بۆ نوێ كردنەوەی پەیوەندی و چارەسەركردنی بارودۆخێك، كە تایبەت بە خۆی بێت و بەشێكی چارەسەریەكەش لە كن ئەو لایەنە بێت كە میوانە لە لای، هەرگیز داواكاریەك یا مەرجێك ناكات و دانانێت، كە لەگەڵ پرینسیپەكانی ئەو لایەنە تێك نەكاتەوە، رەنگە و ئاساییشە بۆچوونی جیاواز لەسەر ئەو مەسەلەیەی گفتۆگۆی لەبارەوە دەكرێ، هەبێت، بەڵام بەرژەوەندی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێکگۆڕاو رێی ئەوە نادات وەك ئەوەی کوردستانی نوێ نووسیویەتی (ئامادە نەبوو ئالاّی کوردستانی لە پشتەوە بێت)، چونکە ئەو وەفدە بەرلەوەی سەردانی پایتەختی کوردستان بکات زۆر باش ئەوە دەزانێ، کە لێرە لە پایتەخت ئالاّیەك هەیە هەڵدەدرێ، ئەویش ئالاّی کوردستانە، ئەمە دیویّکی هەواڵەکەی کوردستانی نوێ.

بە دیوێکی دیکە، ئەگەر کوردستانی نوێ لە کوردستان دەردەچێ، چاك ئەوە دەزانێ، لەبەر ئەوەی تێکەلاّوی پارتی لەگەڵ سیمبوڵ و مافە نەتەوەییەکان پرسی رۆژ و بەرژەوەندی حزبی نین. بە واتای رۆژێك بۆ بزووتنی سۆزی جەماوەر بیکاتە بەرنامە و رۆژێکی دیکە بۆ بەرژەوەندی حزب و بە پێی بارودۆخ فەرامۆشی بکات. بۆیە مەحاڵە پارتی بۆ خاتری کەس ئەو ئالاّیەی، کە بارزانی نەمر لە دەستی پێشەوای نەمربە ئەمانەتەوە وەری گرت، دای بگرێ، بەلکو سەرباری هەموو هەڕەشەکانی کران و ئێستاش دەکرێن تەنانەت لە لایەن ئەمەریکاشەوە، کە ئەمڕۆ بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی داگیرکاری ئێراقە بە هەڵدانی ئالاّی کوردستان نارازی بوو یا پێی ناخۆش بوو، بەلاّم پارتی هەڵدانی ئالاّی کوردستانی بە رەسمی لە سەر سەرجەم دامودەزگاکانی حکوومەتی کوردستان راگەیاند بە سلێمانیشەوە.

ئێستاش ئەگەر کوردستانی نوێ لە کوردستان دەردەچێت بە چاوی خۆی دەبینێ، کە چۆن ئالاّی کوردستان لە ئاسمانی کوردستاندا دەشەکێتەوە.

هەر بۆ ئاگاداری کوردستانی نوێ ئەگەر سووربوونی مسعود بارزانی نەبوایە لە سەر هەڵدانی ئالاّی کوردستان، چۆن ئەو ئالاّیە دەچووە ریزی ئالاّی نەتەوەکانی ئەورووپا، کە لە دوا ئەتلەسی نەتەوەکانی ئەوروپپادا نەخشێنراوە.

نەك هەر لە مەسەلەی ئالا، خۆ ئەوەش لە هەموو لایەك روونە، مسعود بارزانی لە چ رۆژگارێکدا پێشنیاری فیدراڵیەتی کرد و سوور بوو کە دەبێ لە دەستووری ئێراقدا بچەسپێ، کە نەك هەر چەسپاندی، بەلکە یەکپارچەیی خاکی ئێراقیشی بە جێبەجێ کردنی ئەو دەستوورە بەستەوە. ئێستاش لە ناو ناوەندەکانی ئەمەریکا لە هەوڵ و تێکۆشان دایە بۆ بەدیهێنانی ئەو ژیانەی، کە شایستەی گەلی کوردستانە.

کەواتە، کە ئەوانە هەوڵ و خەباتی پارتی و بارزانی بن، ئەمانەش لە کەس شاراوە و بزر نین، دەبێ کوردستانی نوێ لە دارشتنی ئەو هەواڵە بەو شێوازە دوور لە راستیەوە چ ئامانجێکی لە پشتەوە بێت؟

لە دوماهیدا دووبارەی دەکەمەوە، ئومێدەوارم ئەوە هەڵپەیەکی رۆژنامەنووسیانە بێت و بەسەر بەرپرسانی کوردستانی نوێدا تێپەڕی بێت، چونکە پارتی لە بارودۆخە سەختەکاندا مەرجی قبوڵ نەکردووە، چۆن و بە چ عەقلیەتێك کوردستانی نوێ ئەوەی بەسەر تێدەپەڕێ، کە پارتی مەرج قبوڵ دەکات. لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە رەفتارانە لە پارتی ناوەشێنەوە و بەرپرسانی کوردستانی نوێش باش ئەو راستیە دەزانن.

بۆیە هەقمە بپرسم:ئەرێ کوردستانی نوێ یەکیەتی دەری دەکات یا جەبهەی تەوافق و هەیئەی عولەمای موسلمین؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.